# ژن

# سەرچاوەی شعرە

(کۆمەڵیک هەڵبەستی عاشقانە)

دانانی

د. یوسف زەنگەنە

لندن

2014

د. زەنگەنە، یوسف.
ژن سەرچاوەی شعرە.
(کۆمەڵێک هەڵبەستی عاشقانە)
چاپی یەکەم، ٢٠١٤

Zangana, Yousuf, Dr.
Women- The Inspiration For Poetry.
(Some Love Poems)

First Edition. 2014.

**ISBN: 09534040-6-4**

# پێشکەشی

**ژیان بە عشقەو خۆشە،**
**پێشکەش بەوانەی رێزلە عشق**
**دەگرن و بە دڵێکی پاکەوە ئاینی**
**عشق هەڵدەبژێرن.**

-1-

# دڵۆپێک فرمێسک

ئەگەر بێت و پێش مردنم،
یەک دڵۆپێک فرمێسکی تەر،
بەسەر گۆنامدا بڕێژی،
داوا ناکەم، ڕێم پێبدەن فریشتەکان،
مەلەوانی،
لە ئاوەکەی حەوزی،
کەوسەر.
دەمپارێزێت لە بەهەشتدا،
لە غەمزەو نازی حۆرییەکان،
لە دۆزەخدا، ئەگەر رۆیم،
خوا نەکەران،
لە ئەژدەهاو ماری حەوت سەر.

## -2-

# هەتاوی من

چەند ساڵێکە، دڵ دەیەوێ،
کە پێت بڵێ،
هەرگیز بە بێ تۆ ناسرەوێ،
چاوەکانم کە پێت بڵێن،
چاوەڕوانی وایلێکردوون،
بۆ چرکەیەک،
نەچنە خەوێ،
زمانیشم هەر کەلە دەو،
وەردەچەرخێ،
پرسییار دەکات،
ئەی هەتاوی منی شەیدا،
کەیە کەوا،
بۆم دەرکەوێ.

# -3-

# خۆشترین درۆ

درۆ ناخۆشە سپی بێت،
یا رەش،
خۆشترین درۆ،
لەو کاتەدایە،
رۆژی نیوەڕۆ،
بە دوو چاوی گەش،
پەنجەکانی تۆ ی لەسەر لێودایە،
لە گەڵ ووردە ماچ،
پێت بڵێ کە من هیچ تۆم خۆشناوێ،
پەنجەکانیشی لە تۆی قژتداو،
سەریش لە باوەش.

# -4-

# ئەگەر

بە رۆژ ئەگەر هەتاوم بی،
هەڵبێیت لە بەر دوو چاوانم،
وەک و گوڵی، گوڵ بەڕۆژە،
هەمیشە روو لە ئاسمانم،
خەم لە دڵم دەردەپەڕێ،
شادی دەبێت بە مێوانم.
بە شەوانیش تۆ مانگم بیت،
من شەونەمی،
سەر رووی گۆنای گوڵەکانم.
ئەگەر بڵێیت بخۆرەوەوە،
تاقە قومێک،

لە بادەی ئاوی لێوانم،
ئەوجا منم،
پەیداکەری کانیەکەی
ئاوی ژیانم.
ئەگەر وایە نازدارەکەم،
خۆت پیشاندە،
بە یەک ووشەی سەر زمانت،
بەستراوە ئایندەو مان و نەمانم،
ژینم دەکەیت بە بەهارو
دیسانەوە چرۆ دەکەن،
چلەکانم،
گەروانەبی ژینم دەبێ بە پایزو
ووردە ووردە دەبمە دارێک،
دەست پێدەکات،
وەرزەکەی گەڵا رێزانم.

# -5-

# هەناسەکەم

له رۆژێكدا پێت دەگووتم،
گەر تۆم نەبیت،
رادەوەستێت
من هەناسە هەڵكێشانم،
بەڵام ئەمڕۆ
هەناسەی من لە وێستانە،
بە مژێکی هەناسەی تۆ،
بەستراوە،
ئایندەو مان و نەمانم،
فریام کەوە تا نەمردووم،

کاتی کە چووم،
بە تەنیشتی تەرمەکەمدا،
بە بێسوودە،
بگری و بڵێی،
پەشیمانم.

# -6-

# نزاکانمان

دەڵێن دەڕۆی بۆ ماڵی خوا،
ماچی خاڵی گۆنای کعبە،
تا بێتە دی خەونەکانت،
رەق کاتەوە وەکو بتی بتخانەکان،
ئەو کەسانەی کە دەبنە،
هۆی فرمێسکی چاوەکانت،
خۆ تۆ بە خۆت ئەی خوای جوانی،
چاک دەزانی،
لەبەر دەرگای عەرشی تۆدا،
وا یەکساڵە راوێستاووم،
هێندەم فرمێسک بە خوڕ رێژا،

تا داچۆڕی ئاوی سپێ و ڕەشی چاووم،
نەهاتنە دی خەونەکانم،
زۆرتر بوون و کەمتر نەبوون،
خەمەکانم،
گوناهم چییە نازانم،
لە وەڵامی نزاو تکام، لێم ناپرسی،
بڵێ چییە ویستەکانت،
تا پێت بڵێم،
سەردانێکی کعبەی چاوت و
ماچێکی خاڵی لێوانت.

# -7-

# برینی عشق

هەموو ئێشێک کەم دەکات و
برینێکیش سارێژ دەبێت،
تەنها برینی عشق نەبێت.
هەر تازەیە، کە هاتە بوون،
تا ئەو ساتەی،
خوێن بە لەشدا،
بەردەوام بێت، لە هات و چوون.

# -8-

# کاتێک کە خۆت دەنوێنی

ئەمڕۆ هەتاو رووناکترە،
لەوەی دوێنێ،
شنەی شەماڵ فێنکترە،
بوولبوولەکان،
دەنگیان گەڵێک،
پڕسۆزترە،
جوانی و شادی لێدەبارێ،
هەموو شوێنێ،
وا جیهانم دێتە بەرچاو،
کاتێک کە یار،

خۆی دەنوێنێ،
به نازێکی کچانەوە،
کە پێمدەڵێ،
"خۆشمدەوێی"
نەرم نەرم،
دەمدوێنێ.

# -9-

# داوی جوانیت

کە دەبینی مانگ بە شەوان،
لە بەرامبەر پەنجەرەکەت'
راوێستاوە،
لە جوانی تۆیە گوڵەکەم،
گەشکە لێداو،
حەپەساوە،
بۆ نازانی جوانیت نازدار،
بەربەستە،
زیندانە،
داوە.
چەند ساڵێکە دڵی منی،
بەند کردووەو
لە دەست و پێشم خراوە.

# -10-

# بوونی تۆ

گەر تۆ نەبای،
زۆر لە مێژدا جێی هێشتبووم،
ئەم ژیانە،
هێزی بوونی تۆیە، گوڵم،
کە هەناسەم، دێت و دەڕوا،
دڵم، هێشتا لە لێدانە.

# -11-

# پێکەنینێکی ژیانبەخش

کاتێک کە تۆ پێدەکەنیت،
رادەوەستێت،
چەرخی فەلەک،
مانگ و خۆر و ئەستێرەکان،
گشت لە سووڕان،
پێبکەنە بۆ هەمیشە،
نازدارەکەم،
تا مەرگ بمرێ و
پێشکەش بکە،
ژیانێکی هەمیشەیی،
بە سەرجەمی مرۆڤەکان.

# -12-

# تۆ خۆت گوڵی

تۆ خۆت گوڵی ،
نا ئەو گوڵەی زیندانی نێو دەستانتە،
گوڵ کەی جوانە، کە شیرینە،
گوڵ پشکتووی لێوانتە،
گوڵ چاوتە،
گوڵ پەروەردەی یەک دڵۆپێک
ئاوی زوڵاڵی ناوتە،
بۆ گوڵ لە چنگ دەگری گوڵم؟
گوڵە ئەوەی، شێت و شەیدای،
خۆ هەڵواسین،
بە تاری قژی خاوتە،

گوڵ لەسەر چڵ کە دەووشکی،
لە حەسرەتی جووتە گوڵی کۆڵمانتە،
کە دەوەرێ و خۆی دەخاتە بن پێکانت،
بۆ مژینی بۆنی خۆشی هەمیشەیی و
بە بێ وێنەو پایانتە،
لێمدەرکەوە گوڵاڵەکەم،
دڵی سینەم،
چاوەڕوانە،
بارەگاو گوڵدانتە.

# -13-

# ژن سەرچاوەی شعرە

ئەوانەمان باوەڕ دارین،
چاک دەزانین،
پەروەردگار لە ئەزەلدا،
دوو پیرۆزی بە ژناندا،
یەک سەرچاوەی ئیلهامی شعر،
بۆ شاعران،
دوو منداڵ بوون،
بەردەوام بێت تاکو ژیان،
بەڵام شعر،
گەر نەبوایە نازو عیشوەی،

دایە حەوا،
هەرگیز لە داییک نەدەبوو،
نامانزانی شعریش چییە،
چ بگاتە کێش و سەروا.

# -14-

# شێتی شێتان

هەندێک مرۆڤ
شێت و شەیدای ئەم جیهانەن،
لە تەقەللان،
هەمیشە تێیدا بمێنن،
تام و چێژی لێ بستێنن،
هەندێکی دی بۆ ئەو دونیان،
بۆ بەهەشت و جوانییەکانی،
بەڵام منی شێتی شێتان،
بوومە بە شەیدای هەرووکیان،

چونکە جوانی ئەم جیهانە،
لە یەک چاووی تۆ دەبینم،
جوانی بەهەشت،
لەوی تریان،
ئەی جوانترین درووستکەردەی،
دەستی یەزدان.

# -15-

# کەرکووک، یا، تۆ

گەرووتیان ئەو،
یا گەنجێنەی هەموو جیهان،
من ئەڵێم تۆ،
ئەگەرووتیان،
ئەو، یا، تاجی، پادشاکان،
من ئەڵێم تۆ،
ئەووت ئەوێ یا جوانترینی پەریەکان،
من ئەڵێم تۆ،
ئەو، یا، شاهی، گشت ووڵاتان،

من ئەڵێم تۆ،
ئەگەر ووتیان،
تەنیا دوو رێت لە پێشدایە،
یەکەمیان ئەو،
دووەم، کەرکووک بۆ کوردستان،
بە بێگومان،
نازدارەکەم،
هەڵ ئەبژێرم رێی دووەمیان.

# -16-

# ئیلهام بەخشم

سەرسام مەبن هاوڕێیانم،
کانی شعرم ئەگەر بەرەو،
ووشکی بڕوات،
ئیلهام بەخشی شعرەکانم،
بڕیاری دا،
کە دەرگایم لێدابخات،
بۆ من هەروەکو هەتاوە،
چی بەسەر دێت ئەم جیهانە،
ئەگەر هەتاو بۆ هەمیشە،
لە پشتی هەور،
خۆی مات بدات،

دەریای عیشق و ئەڤینمە،
چی بەسەر دێت ماسی ئەگەر،
ئاوی دەریاکان ووشک بکات،
هەناسەمە،
چی بەسەر دێت گیاندار ئەگەر،
با راوێستاو ووزەی نەهات،
هەر چەند دوورە،
وەک وولاتە،
بۆ تەنیاییم،
چەند بێکەسن مرۆڤەکان،
بێ پێناسەوە بە بێ وولات،
ئاواتمە،
هیواو مەبەست،
چەند ناخۆش و دڵتەزێنە،

لە دەست بدات مرۆڤ،
ئاوات،
لەگەڵ هەموو ئەوانەدا،
من کە هێشتا ئومیدوارم،
بەڵکو ئەمە خودای عیشقە،
هەور داکشاو،
جارێکی تر هەتاو هەڵهات.

# -17-

# دەست لە ئەژنۆ دامەنیشە

دەست لە ئەژنۆ دامەنیشە،
بە بینینت،
شان لە گڵ دەگرێت هەتاو،
چاوی ئاسمان،
وەکو باران،
بۆت دەرژێنی،
فرمێسکێکی پڕ لە زووخاو،
لە تروسک رادەوێستن،
ئەستێرەکان،
تریفەی مانگ،

نووقمی ئاوی دەریا دەبێ،
لە دەریادا دێنە خنکان،
شەپۆڵەکان،
نەغمەی بوولبوول،
هەربە راستی دەبێت بە شین،
دێتەوە سوێش بە بینینت نازدارەکەم،
دیسانەوە،
لە دڵی مندا برین.

# -18-

# تابلۆیەک بە نێوی تۆ

گوڵ، گەڵا، دار، چنار،
ئاسمان، ئەستێرە، مانگ، هەتاو،
سێو، لێمۆ، ترێ، هەنار،
ساردی، گەرمی،
ئاگر، بەفر، سەهۆڵ،
دەریا، ئاو، شەپۆڵ،
کانی، رووبار،
ناز، عیشوە، پیکەنین،
شیرین، ناسک، جوانی،
نەرمی، نۆڵی، نیانی،

پەپوولە، ئەوریشم،لاولاو،
بروسکە، تیشک ، رووناکی،
فریشتە، حۆری، پەری، پاکی،
ئاوەنگ، شەونم، باران
هونەرمەندێکی هونەرزان،
هەمووی نەخشان،
تەنہا لە یەک تابلۆیەکدا،
بە تابلۆکەش نازدارەکەم،
نێوی تۆیدا.

## -19-

# دوو گرێ

لەگەڵمدای خەمی ئەوەی لێم
دابڕێت،
دەمسووتێنێ،
کە لێم دووری ،
خەمی ئەوەی نەتبینمەوە،
دەمبرژێنێ،
خوداوەندا،
توانایەک،
لە نێوانی ئەم دوو گرەم دەربهێنێ.

# -20-

# ئامۆژگارییەکەی بابم

ووریای خۆت بە،
رۆڵە کاتێک،
کە بە تەنهای.
لەگەڵ ئەو کیژو میژانە،
وەکو نەوت و وەک ئاگرن،
یا وەک شەم و وەک پەپوولە،
ئەهریمەنیش سێهەمتانە،
هەزار رەحمەت لە گۆڕەکەت،
راستت فەرموو بابە گیانم،

ماوەیەکە پەپوولەیەک،
پەیدا بووە لە ژیانم،
بە بێ بوونی ئەهریمەنیش،
ئەو بە دڵم یاری دەکاو
منیش خەریکی سووتانم.

## -21-

# تۆ و مانگ و دەریا

تازە زانیم،
جوانی جوانان،
کە هاوڕێیە لە گەڵ دەریا،
مانگی ئاسمان،
جوانی لە تۆ دەدزێت و
کە شەو دادێت،
دەیهاوێتە نێو باوەشیان،
خەڵکیش هەموو وادەزانن،
خودی مانگە، لە شەواندا،
جوانی دەدا بە دەریاکان.

# -22-

# تۆ خۆت شعری

تۆ خۆت شعری
من شعری چیت بۆ بنووسم،
باسی جوانیت تەواو نابێت،
ئاوی هەموو ئەم جیهانە،
جێی مرەکەب،
بڕژێننە نێو پێنووسم.

# -23-

# من و باران

تا بە بۆنی قژی خاووت،
سەرخۆش نەبووم،
نەمدەزانی بۆچی باران،
رقی لە چەترو سەیوانە،
تۆ مەزانە،
ئەویش وەک من لە نێویدا،
شێت و شەیدای مەلەوانە.

# -24-

# بڕیار

کە هەندێ جار،
بڕیار دەدەم ،
جێت بهێلم،
بڕۆم هەڵبێم،
ناکرێت چونکە.
دەڵێی عیسای مەسیحم وکوتراوە،
بە ناسکە خاچی لەشتدا،
بە هەزار مێخ،
مێشک و دڵ و دوو دەست و پێم.

# -25-

# گڕ

لە گڕی دۆزەخ نەهاتمە ترسان،
تاکو بە گڕی ئاگری نیگات،
نەکەوتمە سووتان،
گووتم ئەمەیان وا سووتێنەر بێت،
ئەی دەبێ چۆن بێت،
ئەوەکەی تریان.

# -26-

# من و بولبول

تاکو عیشقی تۆم،

نەکەوتە،

نێو دڵ،

دەروون نەسووتا،

دەمگووت درۆیە،

شیوەنی بولبول،

لە باوەشی گوڵ.

## -27-

# پێم نەووتی کە تۆ پەریت

پێشکەشە بەو پەرییەی کە جاروبار خەوی پێوە دەبینم (.....)

صۆفییەکی شێت و شەیدا،
دڵی پڕ بوو لە ئەڤین و
عیشقی خودا،
نەیبیستبوو دەنگ و باسم،
نەیدەزانی، بە مێشک و دڵ،
من هونەری خودا ناسم،
رێنەمام بێ، تا بۆ بەهەشت،
بمپارێزێت تا لە ئاگر،

فەرمووی، دۆزەخ، واو، وەهایە،
پڕ لە مارو ئەژدەهایە،
جێی دوژمنانی خۆدایە،
بەڵام بەهەشت،
پڕ حۆرییەو پڕ لە پەری،
پیاو یەکەمجار، بیان بینێ،
چاوەکانی،
دەردەپەڕی بۆ سەرسەری،
قەدیان بەرزە وەک چنارە،
هێند ناسکن،
وەکو پەڕی،
گوڵاڵە سوورەی بەهارە،
چاویان جوانتر لە هەتاوە،
سەدان سەربازی تیر بەدەست،
دەوریان داوە،

برۆیەکیان لە سەردایە،
زۆر جوانترە لە دیواری،
دێرینی چین،
هەندێکیان سەوز،
هەندێکیان رەش،
هەندێک شین، شین،
لەش بە گوێرەی دڵی پیاوە،
هەندێک سەوزە،
هەندێک سپیین،
لێو؟
گوڵ چێیە؟
گوڵ کەی جوانە.
لە بەرامبەر ئەو لێوانەی،
لە دەوری دەمی ئەوانە؟
هەندێک وەکو گوڵە باخە،

هەندێک وەکو ئەرخەوانە،
مەی بنۆش نیم، بێ ئەزموونم،
بە هێزترە کە کامەیان،
بەڵام تامی ئاوی لێویان،
دەتکات بە شای،
هەموو مەستان.
لە دوورەوە کە دەرکەوون،
رووناک دەبێ، هەموو بەهەشت،
وەک هەتاوی ئەم دونیایە،
رووناک دەکات چییاو و دەشت،
کەمەر، شمشاڵی دەستی شوان،
لەوانەیان هەڵبژاردەن،
لە نەیزارو قامیشەڵان.
ئەم جوانانەی،
سەر گۆی زەمین،

لە چاو ئەواندا،
هەر هیچ نین،
قژیان نەرمتر لە حەریر،
ئەورێشمی کرمی کەشمیر،
هەندێکیان زەرد، وەکو زێڕن،
هەندێکیان رەش، هەر وەکو قیر،
دەنگیان لە قومری خۆشترە،
کە ئاوازت بۆ بچڕن،
لەوەی بولبول بە سۆزترە.
سەرگەرمی باسی حۆری بوو،
مامە صۆفی بەرەو بەهەشت،
رێشاندەرم،
لە ناکاودا تۆ دەرکەوتی،
نازدارەکەم،
هەتاوی رووت کاتێک هەڵات،

راچەڵکا و خۆی هاوێژتە پشتی سەرم،
بە لەرزەوە لە بن گوێمدا،
زۆر بە نەرمی،
زۆر کش و مات،
ووتی برا، سوێند بە خودا،
وا یەکێکیان،
بەرەو لات،
هات.

# -28-

# بۆ شۆخێکی کوردستانی

لە بەیانی تا ئێواران،
دەیان جوانی پەری وێنەم،
دێتە بەرچاو،
نە یەکێکیان رامدەکێشن،
بەرەو خۆیان،
نە دڵیشم بە دیتنیان،
دەکەوێتە ترپەو لێدان،
بەڵام هەرکە،
وێنەیەکی تۆم پێدەگات،
لە نێوەوەوم،

زەمین لەرزە روو دەدات و
دڵیش ترپەو
چاوەکانیشم بە باران.

# -29-

# ترپەی دڵ

ئەم جیهانە،
کە گەڕاوم پڕ لە جوانە،
بە دیتنی جوانترینیان،
دڵ بێدەنگەو کپە و ئارام،
بەڵام کاتێک کە هەست دەکەم،
لە گرمەو ترپەو لێدانە،
چاک دەزانم،
ئەوەی بەر چاو ،
کوردەو خەڵکی کوردستانە.

# -30-

# نامەکانت

نازانم بۆ؟
دەیان نامە، دەخوێنمەوە،
چەندین کتێب،
سەدان پەیام،
تەنها یەکجار،
قەد تێر نابم لە نامەی تۆ،
دەیخوێنمەوە، کاتێک دەگات،
بە بێ هەژمار.

# -31-

# چاوەکانت

چاوەکانت بەهێزترین،
جووتە کلیلی دونیایە،
قفلی دڵی داخراووم،
کێ دەیتوانی بیکاتەوە،
ئەو چاوانەی،
تۆ نەبوایە.

# -32-

# پەرییەکی کوردستانی

نەمدەناسی و نەیدەناسیم،
کاتێ پرسیم،
درووستکردەی کام ووڵاتە،
ناسکۆڵەکە، ئەو چاوانە،
گووتی بەهەشت،
سەرسام نەبووم کاتێ زانیم،
کە مەبەستی کوردستانە،
چونکە پەری لەو شێوەیە،
تەنها لەوێ،
دەستدەکەوێ.

# -33-

# شای شاگوڵان

تاکە گوڵێک،
جوانی دەدات بە باخچەیەک،
شاگوڵ بە باخە گەورەکان،
شای شاگوڵان،
بە باخەکانی گشت جیهان،
تۆی ئەمەیان.

# -34-

# پەریيەکی بەهەشتی

کە بە دیقەت دەڕوانمە
سەرو سیمات،
لە بیر دەکەم،
کە زیندووم و لەم دونیادام،
وا هەست دەکەم کە رووبەرووی،
پەریيەکم،
لە نێو بەهەشتی خودادام.

# -35-

# وێنە

وێنە نیە ئەوەی کەوا،
بۆت هەناردووم،
مرۆڤ کوژە،
گورزەکەی دەستی رۆستەمە،
پەرچەم نیە،
بەرلە تیشکی چاوت گرتوو،
هیمایی شەوی دەیجورە،
رەشە هەورە،
شەوە تەمە.
ئەوە چاوە،
یا هەتاوە،
لە بن پەرچەم،

خۆی مات داوە،
ئەوە زولفە،
بەلای روودا داچۆڕاوە،
یا ئەورێشمی،
رەش و تازەو نەرم و خاوە،
ئەوە لێوە،
لە دەوری حەوزی کەوسەرت،
یا شاگوڵی هەڵبژاردەی،
بێوێنەی باخی ئیرەمە،
لە سەر رووی تۆ هێشتا ماوە،
ئەوەی جوان بێت،
پەروەردگار بە تۆی داوە،
ئەی تۆ بۆ من، بێبەش دەکەیت،
لە گەشتێکی نێو ئەو باخەو،
مژێکیش لەو حەوزو ئاوە.

# -36-

# تۆ

تۆ وەک گوڵی،
بەڵام گەلێک بۆن خۆشتری،
نەرم و نیان هەر وەکو چڵ،
بەڵام تۆ زۆر ناسکتری،
گڕ وەشێنی وەکو هەتاو،
بەڵام برێک گەرمتری،
جوانی وەکو شای پەرییان،
بەڵام زۆر زۆر تۆ سەرتری،
دەڵێن جوانان، دڵ لە سەنگن،
ئەفسووس کە تۆ دڵ سەنگتری.

# -37-

# چاو جوانترین

پڕ فرمێسکی خوێنین دەبێ،
چاوی هەموو جوانەکانی،
ئەرینی بەری رووی سەر زەمین،
کاتێک چاوی تۆ دەبینن،
تاکو شەو بێ لە جەژنەدان،
کە رۆژ هەڵدێت،
چاو هەڵدێنی،
پەرییەکانی ئاسمانیش،
لە خەماندا،
دەکەونە گریان و شین،
ئا، روویەکیش وەربگێڕە،

بەلای مندا،
یا کە گرپان دەمسووتێنی،
یا دەبمە خاوەن نیگای،
چاو جوانترین،
گیان لەبەری، خوا ئافەرین.

# -38-

# ئاوی لێوت

کە مەست دەکات جیهانیان،
هەناسەکەم،
بۆنی ئاوی لێوی تۆیە،
عاشقانی شەیدا نەبێت،
خەڵکانیتر،
وا هەست دەکەن،
بۆی ئاوەنگی،
سەر پەڕی،
گوڵی شەو بۆیە.

# -39-

# تەلەسم

نامۆ نیە بەلامەوە،
ئەگەر ئاسمان وەکو چاوت،
رەنگی شین بێ،
تۆی لە بندا راوێستاوی.
ئەگەر باران،
بەرەو زەمین،
شێت و شەیدای داچۆڕین بێ،
تۆ لە خاکەکەی خۆڵقاوی،
بەرەو کەنار بە بێ ووچان،
ئەگەر شەپۆڵ،

هێرش بێنێت،
تۆی لەسەردا راکشاوی،
لە ئاوێنەی رووی گەشتدا داهێنێت،
هەتاو قژی نەرم و خاوی،
چونکە جوانتر لە هەتاوی،
خەمیش نێوی خۆی لە بیرکات،
بە پێکەنین جێ نشین بێ،
چون بە خەندە نێونراوی،
بۆ من نەبێت نازدارەکە،
کتێبێکی هەزار ساڵە داخراوی،
گەنجینەیەک،
لە بەختی من،
بە تەلەسمی ئەفسووناوی،
جادوکاران،
بە سەد قفڵ بەستراوی.

# -40-

# ترپەی دڵ

ترپەی دڵم زۆر لە خوارە،
چارەی ناکەن،
نەشتەرگەری و دەواو دەرمان،
بەڵام کە تۆم لە گەڵدابی،
لە لێدانی دێتە لەرزە،
تاکو سەماعەی پزشکان.
٢٠١٣/١٢/١٦

# -41-

# سالب و موجب

راستیان فەرموو،
ئەندازیارانی کارەبا،
ئەگەر موجەب لە سالب با،
گڕ لە دارو بەرد بەردەدا،
هەرکە نیگام کەوتە نیگات،
لە ناخمدا،
بو بە زریان،
بۆ بە توفان،
بە رەشە با.

# -42-

# دڵبەرە بێوێنەکەم

حەزم دەکرد،
شێوەی جوانی دڵبەرەکەم،
بە یەکێکتر بشووبهێنم،
ئەگەر نەبێ،
لێم ببوورن،
هاوڕێیانم،
بڵێم نیە، لەم جیهانە،
لەوی دیکەشیان،
نازانم.

# -43-

# من و تۆ

کە لێم دووری،

چاوی جوانی،

گشت کیژانی،

ئەم جیهانە،

کاڵ بن یا گەش،

پێکڕا دەبن بە چاوی تۆ،

قژەکانیان، قاوەیی بن،

زەرد بن یا رەش،

دەبن بە قژی خاوی تۆ،

شنەی نەرمی بای ئێواران،

بۆی هەناسەی فێنکی تۆ دەوزێنێ،

سۆزی دەنگت دێت بە گوێمدا،
کە بولبولێک، لە سەر چڵێک،
ئاوازێکی عاشقانە،
بە گوێی گوڵێکدا دەخوێنێ،
نەرمە سەمای گوڵاڵەکان،
لەنجەولاری تۆ دەنوێنێ،
تۆ دەبینم هەموو کاتێك،
شەو بێت یا رۆژ،
لە گشت جێگاو لە گشت شوێنێ،
بەڵام کاتێک لە گەڵمدای،
گشت ئەوانەی کە باسکران
وون دەبن و
وەردەچەرخی، چەرخی زەمان،
جیهان دەبێت بە بەهەشت و
من ئادەم و تۆ حەوا خان.

# -44-

# شەیدای دیدار

شەو، بۆ عاشق،
پێشکەشییەکی خودایە،
ئەگەر کە وەخت هەر رۆژ بوایە،
شەو نەبوایە،
خەو نەبوایە،
لە خەویشدا، خەون نەبوایە،
تۆش کە لێم بووی،
بە هەتاوی پشت پەڵە هەور،
ئیتر، کەی، چۆن، نازدارەکەم،
منی شەیدای دیداری تۆ،
تۆم دیبایە؟
لە باوەشی ئاگرینت،
ئۆقرەیەکم بگرتایە.

# -45-

# چاوە نێرگزیەکانت

دەڕوانمە گوڵی نێرگز،
چاوانی تۆم دێتە بەر چاو،
لە کاتێکدا پێدەکەنیت،
چاوەکانت،
بە خووڕ هەنگوین دەبارێنن،
لە شوێنی ئاو،
بە شەوانیش بڕوانمە،
تاری قژی نەرم و خاووت،
وا هەست دەکەم نیوەڕۆیەو
دەڕوانمە تیشکی هەتاو،

قەدو باڵات، لە خەماندا،

پشتی چنار دەچەوتێنێ،

گوڵی لێوت،

پەڕی گوڵان لەت لەت دەکاو

دەوەرێنێ،

بەڵام تیشکی گەشی نیگات،

بە شەوو رۆژ،

موژدەی شادی دەوەشێنێ،

بە بێوێنەی لە جوانیدا،

لە نێو جوانانی زەمین و

جوانەکانی ئاسمانیدا،

ئەگەر بێت و رۆژێک خودا،

تۆی نازەنین بە من بدا،

تۆ دەکەمە شا گوڵێک و

خۆم بە باران،
شادی جیهان،
دەبارێنم بە سەریدا،
لەو کاتەدا تۆ دەبیتە،
پەیکەرێکی بە بێوێنەی
شادی و ئەڤین،
ئەڤینداران دەکەونە،
لە شادی تۆ، شادی دزین،
تا دڵخۆش و سەرمەست ببن،
لە بۆنیشت، بۆن هەڵمژین،
چاک دەزانیت، نازدارەکە،
خۆشەویستیت وایلێکردووم،
گوڵەکانی هەموو جیهان،
ببن بە کیژ، پەری وێنە،

خۆ بخەنە ژێر دەست و پێم
لە هەموویان چاو دەپۆشم،
بە دڵەوە بەرەو تۆ دێم.
لێمکەرەوە دەرگای دڵت،
وە ژوور کەوم،
زۆر لە مێژدا، لە نێویدا،
بە ئارەزووی ساتێ خەووم.

# -46-

# خنکاوی دەریای ئەڤین

تۆ دەزانی، کە وەکو شەم،
بۆت دەسووتێم،
بووی بە گووڵی ژیانم و
وەک پەپوولە،
مەست و حەیران،
بە دەوری سەرتا دەگەڕێم،
وەک شەپۆڵی شێتی دەریا،
تۆ کەنارمی و
من بەرەو تۆ،

دەڕۆم و دێم،

چاک دەزانم تۆش وەکو من،

خنکاوی دەریای ئەڤینی،

ئەی دیواری بێدەنگی خۆت،

بو ناشکێنی،

بۆ چەند رۆژێک،

بەر لە ئەوەی،

فریشتەی مەرگ،

داووی بخاتە دەست و پێم.

# -47-

# گڕی چاوەکانت

کە بە دیقەت دەڕوانمە چاوەکانت،
ناچار هەڵدێم لە نیگایان،
گەروا نەکەم بە چرکەیەک دەسووتیم و
دەبمە خەڵوزی ئاگردان،
خۆ تۆ بە خۆت پێی نازانیت،
چی گڕێکیان لە نێودایە،
هەزار رەحمەت،
لە بوورکانی سەر چیاکان،
لە کاتێکدا ئەو دەبژێ،
یەک ناوچەیەک وێران دەکا،
گڕ بژێنی چاوەکانت،
هەموو جیهان.

# -48-

# پێکەنینت

کاتێک کە تۆ پێدەکەنیت،
ئەستێرەکان،
دەستی شەرم،
دەخەنە سەر،
چاوەکانیان،
هەندێکیشیان لە خەماندا،
خۆ دەکوژن، دادەچۆڕێن،
بەرەو زەمین،
جێدەهێلن،
ئاسمانەکان.

گوڵەکانیش،
سیس و ژاکاو دادەورێن،
جوانەکانی پەری شێوەش،
پەنهان دەبن لە شەرماندا،
لە بەر چاوان.
بۆیە چاوی منی شەیدا،
لە تۆ زیاتر کەس نابینێت،
لە گیتیدا.

# -49-

# نیگایەکی عاشقانە

من عاشقی ئەو چرکانەم،
بە نازەوە، کە پێم دەڵێی،
تۆم خۆشناوێ،
بە دزیەوە،
دەڕوانمە چاوەکانت،
کە نیگایان،
وەرناچەرخێن ،
لە تەماشام ،
دەمێ، تاوێ.

# -50-

# بارانی شعر

هەر کە چاووم دەکەوێتە چاوەکانت،
نیگاکانمان،
بیری شعرێک لە مێشکمدا دێنێتە بوون،
بە هەر هۆیەک لێک بکەون،
پەنجەکانمان،
کۆرپە شیعرێک دێتە جیهان،
بیگومانم، ئەگەر رۆژێک،
لێک بئاڵکێن،
لێوەکانمان،
ئاسمان شعر دەبارێنێت،
لە جێی باران.

# -51-

# بۆ لێم تێناگەیت

ماموستایەکی زیرەکم،
وام نێو دەبەن قوتابیانم،
بە ئاسانی گشت تێدەگەن،
خاڵ بە خاڵی راوبۆچوون و وانەکانم،
هەر تۆ نەبی، دڵبەرەکەم،
تاکو ئەمڕۆ نەگەیشتووی،
نە لە نیگای چاوانم و
نە لە ووشەی سەر زمانم،
چی رازێکە، بۆ؟
نازانم.

# -52-

# بێوەفا

تۆش بە تەنها بە جێت هێشتم
لە نێو دەریای قووڵی خەمدا،
لە سەر رێیەک تێدەپەڕێت،
بە زریان و مژو تەمدا،
بتگووتبا، هاوڕێیەکی نیوەی رێگام،
نەتدزیبا لە سینەمدا،
دڵی شەیدام،
تاکو نەژیم بۆ هەمیشە،
لە دووری تۆ،
لە شین و زاری و ماتەمدا.
٢٠١٣/١٠/٢٠

# -53-

# خەیاڵ

لە کاتێکدا کە بیری تۆ،
رامدەکێشی بەرەو دەریای
قووڵی خەیاڵ،
پێنووسەکەم لەگەڵ پارچە کاغەزێکدا،
دەکەوێتە شەڕە نووسین،
وەکو منداڵ،
ئەو ووشەیەی لە ئاکامی ئەو شەڕەدا،
کە دێتە بوون،
نێوی تۆیە،

داروو لق و چڵ و گەڵاو پەڕە گوڵی،
قلیش قلیش،
تابلۆیەکی لێ دێتە بوون،
درووست دەڵێی لێوی تۆیە،
ئەو دێڕانەش دادوچۆڕێن،
لە سەرەوە روو بەرەو خووار،
گەلێک سەیرە، دەڵێی تاری،
قژی نەرم و خاوی تۆیە،
کە خەیاڵیش لە خاڵێکدا،
پەنجەکانم دەوەستێنێ،
لاپەڕەکەش خوێنی دڵی،
پێنووسەکەم دەوشکێنێ،
دەریایەکی لێدێتە بوون،
سەوز، سەوز، سەوز،سەوز

کت و مت وەک چاوی تۆیە.
دێمەوە هۆش،
پڕ لە فرمێسک دەبن چاوان،
زەردەخەنەم دێتە لێوان،
کاغەزەکە هەڵدەگرم و ووردی ناکەم،
وەک تۆ دڵی منی شەیدات،
لە بن دوو پێی خۆت هەنجنان.

# -54-

# کۆماری پیاو

بەم باسانەی لە ووڵاترا
کە دێنە گوێ،
زۆر دەترسێم،
جارێکیترو سەر لە نوێ،
یاسای زینوە چاڵی کیژان،
ببێت بە باو،
کوردستانیش کە رزگار بو،
لەسەر نەخشە نێوی لێنێن،
کۆماری پیاو.

# -55-

# تیری رەهایی

## چوارینەیەک بۆ شەش خاڵ

مەمشوبهێنە، بە چاوانت،
تاکو لە خۆم نەبم بایی،
چاوەکانت، جوانترینن لە سەرلیستی،
هونەری دەستی خودایی،
چەند ساڵێکە، زۆر بە سەختی،
بریندار ی گڕو تیری ئەو چاوانەم،
رێگەم بەرێ کە تێیاندا،
بکەومە مەلەوانی،
بوەشێنە یا بە یەکجار،
تو خودا، تیری رەهایی.

تیری رەهایی؛ گولەیەی کە دەنرێ بە سەری برینداران یا گولەباران کراوانەوە بۆ رزگارکردنیان لە ئازار کێشان.

# -56-

# نامەیەک بۆ تاتەم

کە پێت گووتم،
کە کۆچ دەکەی،
بۆ ئەو شارە بێگانەیە،
ووریای خۆت بە،
دەڵێن دزی زۆر تێدایە،
هەر دزێک و بە شێوەیەک،
لە دزیدا شارەزایە،
باوەڕ بکە،
بە زنجیرو دەرزی و دوگمە،
تا گەردنم داخستبوو،

کاتێک هات و
دڵی سینەی،
لێدزیم و
بردی و ڕۆیشت،
بە پەڵە و زوو،
ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە،
دڵدزەکەش چاو گەشێکی،
لای خۆمانە،
خەڵکی خاکی کوردستانە.

# -57-

# لە بیرمدای

لە بیرمدای،
هەموو ساتێک،
هەموو چرکەو هەموو کاتێك،
لەگەڵ شنەی بای شەماڵدا،
لاوانەوەی بولبولەکان،
لەسەر چڵدا،
شەکانەوەو لەنجەو لاری گوڵ و گەڵا،
خشەی گەڵا ووشک بووەکان،
خۆرئاواکان،
تریفەی مانگ،
چاوپورکانی ئەستێرەکان،

لە تاریکی شەوی دەیجور،
تیشکی گەرم و تیژی هەتاو،
لە کاتی گشت رۆژ هەڵاتێک،
بە دیتنی ئەو رەنگانەی
کە چاوی تۆم دێننە یاد،
زەردەخەنەی پەپولەکان،
لە باوەشی گەرمی گوڵدا،
لەگەڵ هەموو هەناسەیەک،
لەگەڵ تاک تاک ترپەی دڵدا،
کە دەخەوم،
کە بیدارم،
کە ئارامم،
لە کاتێکدا دەناڵێنم،
لەتاوی ئێش و ئازارم،
لە کاتێکدا مەستی خەمم،

مەستی شادی،
کە هۆشیارم،
خاڵ بە خاڵی شتەکانم،
نێوی تۆیان لێنراوە،
سەرینێکم نێوی لێوتە،
ئەوی تریان نێوی چاوتە،
بەرماڵەکەم، نێوی ئەبرۆت،
تەڵی تاری روبۆشەکەم،
پرچی خاوتە،
راستت دەوێ،
هەمووم هەر تۆی،
تۆش پێم دەڵێی،
لێم ناپرسی،
بۆ بێدەنگی،
کوانێ لە کوێی.

# -58-

# یاسای عشق

جوولەی هەتاو،
کرانەوەی گوڵ و چرۆ
بەفرو باران،
هەڵکشان و داکشانی
ئاوی دەریاو دەریاچەکان،
هەموو شتێک لەم ژیانە،
بە ژمارەو بە پێوانە،
تەنها عیشقە کە ئازادەو
بەدەر لەم یاساو باسانە.
بۆیە عاشق ساتێ شادە،

ساتێ خەمبار،
ساتی دڵی، خۆشە بە ژین،
ساتێ لە ژین، هەراسانە،
بۆ نمونە بڕواننە منی شەیدا،
تابلۆیەکم بۆ ئەو شادی و
ئەو خەمانە.

-59-

چیرۆکە شعری:

# مێوانی لە باخێکی سەر سوورێنەردا

خو و رەوشتی کوردەواری،
بە یەکجار،
خستە کەنار،
بانگی کردم بۆ باخێکی،
پڕ لە هەرمێ و سێو و هەنار،
بادەیەکی پڕ لە شەراب،

بە جووتێ گوڵ، گرد درا بوون،
جوانتر لەوەی وەرزی بەهار،
دوو کانی ئاو،
جارو بارێش،
دڵۆپەیان دادەچۆڕان،
بە سەر دەشتی باخەکەدا،
لە زیو جوانتر سەد هەزار جار،
تەڵی لاولاو بە سەریاندا داخزا بوون،
بەڵام ڕەش ڕەش وەک شەوی تار،
دانە ترێ دوو دەنکیان،
هەڵهاتبوون لە هێشوەکان،
چونکە هێشتا نەگەیبوون،
دڵۆپەی شۆریان دەبژان،
لە بیرم چوو پێتان بڵێم کە بادەکە،
رازابووەوە،

بە دوو ڕێزی دوڕو ئەڵماس،
تاشرا بوون زۆر ناسكتر،
لەوەی سەر تاجی پاشاكان،
باخی ئیرەم هەر دەشتێكی بەرەهووتە،
بەهەشت، پاداشی دینداران،
ئەشكەوتێكی پڕ لە مارو لە ئەژدەها،
ڕووت و قووتە،
لە چاووی ئەو،
باخەی ئەم و
ئاو و كانی و میوەكانی،
بەڵام ئەفسووس،
لە نێو ئەو باخ و كانییە،
لە نێو ئەو گوڵ و گوڵزارە،
هونەری یەزدانییە،
هەڵس وكەوتی باخدارەكە،

گەلێک سەیر بوو
بەرامبەر منی مێوانی،
نە فەرمویەک بۆ شەرابی پەرداخەکەی،
نە لە ئاوی کانیەکاندا،
مەلەوانی،
نە مژینی ئاوی شۆری ترێکانی،
بۆن هەڵمژین، لێو ماڵینێک،
نە لە بۆن و نە لە لێوی گۆڵەکانی،
برسی و تینو هاتمە دەرێ،
گەرچی تێیدا خولامەوە،
شەوێک تاوەکو بەیانی.

# -60-

# ماچی پاش مردن

پەروەردگار بیریکی وای لە مێشکمدا،
چەقاندووە،
لە کاتێکدا فریشتەی مەرگ،
گیانم لە گیان دەردەهێنێ،
مێشک و دڵم لە کار کردن دەوەستێنێ،
لەو ساتەدا گەر لێوی یار،
بکەوێتە سەر لێوانم،
رادەچەڵکێم و دەوەستێم،
لەسەر هەردوو پێیەکانم،
گەر راپۆرتی پزیشکانی هەموو دونیاش،
بڵێن کە کابرا مردووە،
گیانی بە خوا سپاردووە.

# -61-

# ماچێکی رەمەزانی

ئارەزووی ماچێکی خاڵی،
سەرتاپێی داگیر کردووە،
لە تاواندا رەشمەیی دڵ،
لە دەستانی من دەرچووە،
تەتەڵەیی لێوەکانی،
موژدەیی فەرموو دەدەن،
ماڵت بە قوڕ گرن مەلا،
بانگ هەڵبدە تاکو زووە،
بەڵکو منی دەروون سووتاو،
رۆژووی ئەمڕۆم بشکێنم،
بەو فەرمووە.

## -62-

# پەیامێکی بە پەلە

نازدارەکەم،
کە شەوو دادێت دەرمەکەوە،
تاکو مانگ و ئەستێرەکان،
لە شەرماندا،
لە پشت هەوری تارو رەشدا،
نەبن پەنهان،
تاریکە شەو ئەوجا دادێت،
لە رووی شێتانی شەو زیندو،
دەیجوورە شەو لە بەر سەرجەمی
عاشقان،
ئاهو ناڵەو گریانیان،
ئیتر ناگات،

بە گوێی پەری و فریشتەکان،
بێگەیێنن بە خوای ئاسمان،
بەڵام کاتێک هەتاو هەڵدێت،
نەکەیت خۆتی پێ بنوێنی،
کینەی دڵی ببزوێنی،
دەڵێن هەتاو زۆر دڵ رەقەو ئەرێنی بەر،
زۆر دەترسێم تۆ ببینێ،
لە خەمی جوانی و شیرینیت،
بە گڕی خۆی بتسووتێنێ،
ئەگەر وایە،
ئەی لە شۆخیدا بێوێنە،
ئەو کارانە تا روو نەدەن،
بێگومانم،
دڵی سینەی منی شەیدات،
بۆ تۆی شیرین، تەنها شوێنە.

# Jn

# Serçaweyi

# Ş're

**(Komellîk Hellbestî 'Aşqane)**

Dananî

Dr. Yousuf Zangana

London -2014-

Dr. Zangana, Yousuf

Jn Serçaweyi Ş're.

(komellêk hellbestî 'aşqane)

Çapî yekem, 2014

Zangana, Yowsuf, Dr.

Women: The Inspiration For All Poetry.

(Some Love Poems)

First Edition. 2014.

**ISBN: 09534040-6-4**

# Pêşkeşî

Jiyan be 'şqewe xoşe, pêşkeş bewaneyi rêz le 'şq degirin û be dllêkî pakewe ayinî 'şq helldebijêrin.

-1-

# Dllopêk Frmêsk

Eger bêt û pêş mirdinm,

yek dllopêk frmêskî ter,

beser gonamda birrêjî,

dawa nakem, rêm pêbiden frîşitekan,

melewanî,

le awekeyi ḧewzî,

kewser.

demparêzêt le beheşitda,

le ẍemzew nazî ḧorîyekan,

le dozexda, eger roym,

xwa nekeran,

le ejdehaw marî ḧewt ser.

## -2-

# Hetawî Min

Çend sallêke, dll deyewê,

ke pêt billê,

hergîz be bê to nasirewê,

çawekanm ke pêt billên,

çawerrwanî waylêkrdûn,

bo çirkeyek,

neçne xewê,

zimanîşm her ke le dew ,

werdeçerxê,

prsîyar dekat,

eyi hetawî minî şeyda,

keye kewa, bom derkewê.

## -3-

# Xoşitirîn Dro

Dro naxoşe spî bêt,

ya reş,

xoşitirîn dro ,

lew katedaye,

rojî niywerro ,

be dû çawî geş,

pencekanî to yi leser lêwdaye,

le gell wurde maç,

pêt billê ke min hîç tom xoşnawê,

pencekanîşî le toyi qjtdaw,

serîş le baweş.

# -4-

# Eger

Be roj eger hetawm bî ,
hellbêyt le ber dû çawanm,
wek û gullî, gull berroje,
hemîşe rû le asmanm,
xem le dllm derdeperrê,
şadî debêt be mêwanm.
be şewanîş to mangm bît,
min şewnemî,
ser ruwî gonayi gullekanm.
eger billêyt bixorewewh,
taqh qumêk,

le badeyi awî lêwanm,
ewca minm,
peydakerî kaniyekeyi
awî jiyanm.
eger waye nazdarekem,
xot pîşande,
be yek wuşeyi ser zimant,
bestirawe ayindew man û nemanm,
jînm dekeyt be beharu
dîsanewe çiro deken,
çlekanm,
ger wanebî jînm debê be payzu
wurde wurde debme darêk,
dest pêdekat,
werizekeyi gella rêzanm.

# -5-

# Henasekem

Le rojêkda pêt degûtm,
ger tom nebît,
radewestêt
min henase hellkêşanm,
bellam emirro
henaseyi min le wêstane,
be mjêkî henaseyi to,
bestirawh,
ayindew man û nemanm,

friyam kewh ta nemirdûm,
katî ke çûm,
be tenîşitî termekemda,
be bêsûde,
bigirî û billêy,
peşîmanm.

## -6-

## Nzakanman

Dellên derroyi bo mallî xwa,

maçî xallî gonayi k'be,

ta bête dî xewnekant,

req katewe weku bitî bitxanekan,

ew kesaneyi ke debine,

hoyi frmêskî çawekant,

xo to be xot eyi xwayi cwanî,

çak dezanî,

leber dergayi 'erşî toda,

wa yeksalle rawêstawum,

hêndem frmêsk be xurr rêja,

ta daçorrî awî spê û reşî çawum,

nehatine dî xewnekanm,

zortir bûn û kemtir nebûn,

xemekanm,

gunahim çîye nazanm,

le wullamî nzaw tkam, lêm naprsî,

billêyi çîye wîstekant,

ta pêt billîm,

serdanêkî k'beyi çawt w

maçêkî xallî lêwant.

## -7-

# Brînî 'Şq

Hemû êşêk kem dekat w
brînêkîş sarrêj debêt,
tenha brînî 'şq nebêt.
her tazeye, ke hate bûn,
ta ew satey,
xwên be leşda,
berdewam bêt,
le hat û çûn.

# -8-

# Katêk ke Xot Denwênî

Emirro hetaw rûnaktire,

leweyi dwênê,

şneyi şemall fêniktire,

bûlbûlekan ,

dengiyan gellêk,

prrsoztire,

cwanî û şadî lêdebarê,

hemû şwênê,

wa cîhanm dête berçaw,

katêk ke yar ,

xoyi denwênê,

be nazêkî kçanewe,

ke pêmdellê,

"xoşmdewêy"

nerm nerm,

demdwênê.

## -9-

# Dawî Cwanît

Ke debînî mang be şewan,

le beramber pencereket ,

rawêstawe,

le cwanî toye gullekem,

geşke lêdaw ,

ḧepesawe,

bo nazanî cwanît nazdar,

berbeste, zîndane,

dawe.

çend sallêke dllî minî,

bend krduwew

le dest û pêşm xirawe.

# -10-

# Bûnî To

Ger to nebay,
zor le mêjda cêyi hêşitibûm,
em jiyane,
hêzî bûnî toye, gullm,
ke henasem, dêt û derrwa,
dllm, hêşita le lêdane.

# -11-

# Pêkenînêkî Jiyanbexş

Katêk ke to pêdekenît,

radewestêt,

çerxî felek,

mang û xor û estêrekan,

gşit le sûrran,

pêbikenh bo hemîşe,

nazdarekem,

ta merg bmirê w

pêşkeş bikh ,

jiyanêkî hemîşeyî,

be sercemî mirovekan.

## -12-

# To Xot Gullî

To xot gullî ,

na ew gulleyi zîndanî nêw destante,

gull keyi cwane, ke şîrîne,

gull pşktuwî lêwante,

gull çawte,

gull perwerdeyi yek dllopêk

awî zullallî nawte,

bo gull le çng degrî gullm?

gulle ewey, şêt û şeyday ,

xo hellwasîn,

be tarî qjî xawte,

gull leser çll ke dewuşkî,

le ḧesiretî cûte gullî kollmante,

ke dewerê û xoyi dexate bin pêkant,

bo mjînî bonî xoşî hemîşeyî w

be bê wênew payante,

lêmderkewe gullallekem,

dllî sînem,

çawerrwane ,

baregaw gulldante.

# -13-

# Jn  Serçaweyi Ş're

Ewaneman bawerr darîn,
çak dezanîn,
perwerdgar le ezelda,
dû pîrozî be jnanda,
yek serçaweyi îlhamî ş'r,
bo şa'ran,
dû mindall bûn,
berdewam bêt taku jiyan,

bellam ş'r,
ger nebwaye nazu 'îşwey,
daye ḧewa,
hergîz le dayîk nedebû,
namanzanî ş'rîş çîye,
çi bigate kêş û serwa.

## -14-

# Şêtî Şêtan

Hendêk mirov

şêt û şeydayi em cîhanen,

le teqellan,

hemîşe têyda bmênin,

tam û çêjî lê bstênin,

hendêkî dî bo ew dunyan,

bo beheşit û cwanîyekanî,

bellam minî şêtî şêtan,

bûme be şeydayi herûkiyan,

çunike cwanî em cîhane,
le yek çawwî to debînm,
cwanî beheşit,
lewî tiryan,
eyi cwantirîn drûstkerdey,
destî yezdan.

# -15-

# Kerkûk, Ya, To

Ger wutiyan ew,
ya gencêneyi hemû cîhan,
min ellêm to,
eger wutiyan,
ew, ya, tacî, padşakan,
min ellêm to,
ewut ewê ya cwantirînî peryekan,
min ellêm to,
ew, ya, şahî, gşit wullatan,

min ellêm to,
eger wutiyan ,
teniya dû rêt le pêşdaye,
yekemiyan ew,
duwem, kerkûk bo kurdistan ,
be bêgûman,
nazdarekem ,
hell ebijêrm rêyi duwemiyan.

# -16-

# Îlham Bexşm

Sersam mebin hawrrêyanm,

kanî ş'rm eger berew,

wuşkî birrwat,

îlham bexşî ş'rekanm,

birriyarî da,

ke dergaym lêdabixat,

bo min herweku hetawe,

çî beser dêt em cîhane,

eger hetaw bo hemîşe,

le pşitî hewr ,
xoyi mat bidat,
deryayi 'îşq û evînme,
çî beser dêt masî eger,
awî deryakan wuşk bikat,
henaseme,
çî beser dêt giyandar eger,
ba rawêstaw wuzeyi nehat,
her çend dûre,
wek wullate ,
bo teniyayîm,
çend bêkesin mirovekan,
bê pênasewe be bê wullat,
awatme ,

hiywaw mebest,
çend naxoş û dlltezêne,
le dest bidat mirov ,
awat,
legell hemû ewaneda,
min ke hêşita umîdwarm,
bellku eme xudayi 'îşqe,
hewr dakşaw,
carêkî tir hetaw hellhat.

# -17-

# Dest Le Ejno Damenîşe

Dest le ejno damenîşe,

be bînînt,

şan le gll degrêt hetaw,

çawî asman,

weku baran,

bot derjênî,

frmêskêkî prr le zûxaw,

le tirûsk radewêstin,

estêrekan,

tirîfeyi mang,

nûqmî awî derya debê,

le deryada dêne xinikan,

şepollekan,

neẌmeyi bûlbûl,

her be rastî debêt be şîn,

dêtewe swêş be bînînt nazdarekem,

dîsanewe,

le dllî minda brîn.

# -18-

# Tabiloyek Be Nêwî To

Gull, gella, dar, çnar,

asman, estêre, mang, hetaw ,

sêw, lêmo, tirê, henar,

sardî, germî,

agr, befr, seholl,

derya, aw, şepoll,

kanî, rûbar,

naz, 'îşwe, pîkenîn,

şîrîn, nask, cwanî,

nermî, nollî, niyanî,

pepûle, ewrîşm,lawlaw,
bruske, tîşk , rûnakî,
frîşite, ḧorî, perî, pakî,
aweng, şewnm, baran
hunermendêkî hunerizan,
hemuwî nexşan,
tenha le yek tabiloyekda,
be tabilokeş nazdarekem,
nêwî toyda.

# -19-

# Dû Grr

Legellmdayi,

xemî eweyi lêm dabirrêyt,

demsûtênê,

ke lêm dûrî,

xemî eweyi netibînmewe,

dembrjênê,

xudawenda,

twanayek,

le nêwanî em dû grrem derbihênê.

# -20-

# Amojgarîyekeyi Babm

Wuriyayi xot be,
rolle katêk ,
ke be tenhay.
legell ew kîju mîjane,
weku newt û wek agirin,
ya wek şem û wek pepûle,
ehrîmenîş sêhemtane ,
hezar reḧmet le gorreket,
rastt fermû babe giyanm,

maweyeke pepûleyek,
peyda buwe le jiyanm,
be bê bûnî ehrîmenîş,
ew be dllm yarî dekaw
minîş xerîkî sûtanm.

# -21-

# To û Mang û Derya

Taze zanîm,

cwanî cwanan,

ke hawrrêye le gell derya,

mangî asman,

cwanî le to dedzêt w

ke şew dadêt,

deyhawête nêw baweşiyan,

xellkîş hemû wadezanin,

xudî mange, le şewanda,

cwanî deda be deryakan.

# -22-

# To Xot Ş'rî

To xot ş'rî

min ş'rî çît bo binûsm,

basî cwanît tewaw nabêt,

awî hemû em cîhane,

cêyi mirekeb,

birrjênine nêw pênûsm.

# -23-

# Min û Baran

Ta be bonî qjî xawut,
serxoş nebûm,
nemdezanî boçî baran,
rqî  le çetiru seywane,
to mezane ,
ewîş wek min le nêwîda,
şêt û şeydayi melewane.

# -24-

# Birriyar

Ke hendê car,

birriyar dedem,

cêt bihêlm ,

birrom hellbêm,

nakrêt çunike.

dellêyi 'îsayi mesîḧm wkutirawe ,

be naske xaçî leşitda,

be hezar mêx,

mêşk û dll û dû dest û pêm.

# -25-

# grr

Le grrî dozex nehatme tirsan,
taku be grrî agrî nîgat ,
nekewtme sûtan,
gûtm emeyan wa sûtêner bêt,
eyi debê çon bêt,
ewekeyi tiryan.

# -26-

# Min û Bulbul

Taku 'îşqî tom ,
nekewte,
nêw dll,
derûn nesûta,
demgût droye,
şiywenî bulbul,
le baweşî gull.

# -27-

# Pêm Newutî Ke To Perît

Pêşkeşe bew perîyeyi ke carubar xewî pêwe debînm(.....)

Sofîyekî şêt û şeyda,
dllî prr bû le evîn û
'îşqî xuda,
neybîstibû deng û basm,
neydezanî, be mêşk û dll ,
min hunerî xuda nasm,
rênemam bê, ta bo beheşit,

bmparrêzêt ta le agr,
fermuwî, dozex, waw, wehaye ,
prr le maru ejdehaye,
cêyi dujminanî xodaye,
bellam beheşit ,
prr ḧorîyew prr le perî,
piyaw yekemcar, biyan bînê,
çawekanî ,
derdeperrî bo serserî,
qediyan berize wek çnare,
hênd naskin ,
weku perrî,
gullalle sûreyi behare,
çawyan cwantir le hetawe,
sedan serbazî tîr bedest,

dewriyan dawe,

broyekiyan le serdaye,

zor cwantire le diywarî,

dêrînî çîn,

hendêkiyan sewz,

hendêkiyan reş,

hendêk şîn, şîn,

leş be gwêreyi dllî piyawe,

hendêk sewze,

hendêk spîyin,

lêw ?

gull çêye?

gull keyi cwane.

le beramber ew lêwaney,

le dewrî demî ewane?

hendêk weku gulle baxe,
hendêk weku erxewane,
meyi binoş nîm, bê ezimûnm,
be hêztire ke kameyan,
bellam tamî awî lêwyan,
detkat be şay ,
hemû mestan.
le dûrewe ke derkewun,
rûnak debê, hemû beheşit,
wek hetawî em dunyaye,
rûnak dekat çîyaw û deşit,
kemer, şmşallî destî şwan,
lewaneyan hellbijarden,
le neyzaru qamîşellan.
em cwananey ,

ser goyi zemîn,
le çaw ewanda,
her hîç nîn,
qjiyan nermtir le ḧerîr,
ewrêşmî krmî keşmîr,
hendêkiyan zerd, weku zêrrin,
hendêkiyan reş, her weku qîr,
dengiyan le qumirî xoşitire,
ke awazt bo biçirrin,
leweyi bulbul be soztire.
sergermî basî ḧorî bû,
mame sofî berew beheşit,
rêşanderm,
le nakawda to derkewtî,
nazdarekem,

hetawî rût katêk hellat,

raçellka û xoyi hawêjte pşitî serm,

be lerizewe le bin gwêmda,

zor be nermî,

zor kş û mat,

wutî bra, swênd be xuda,

wa yekêkiyan,

berew lat,

hat.

# -28-

# Bo Şoxêkî Kurdistanî

Le beyanî ta êwaran,
deyan cwanî perî wênem,
dête berçaw,
ne yekêkiyan ramdekêşn,
berew xoyan,
ne dllîşm be dîtinyan,
dekewête tirpew lêdan,
bellam herke,
wêneyekî tom pêdegat,

le nêwewewm,
zemîn lerize rû dedat w
dllîş tirpew
çawekanîşm be baran.

# -29-

# Tirpeyi Dll

Em cîhane ,

ke gerrawm prr le cwane,

be dîtinî cwantirîniyan,

dll bêdengew kpe û aram,

bellam katêk ke hest dekem,

le grmew tirpew lêdane,

çak dezanm,

eweyi ber çaw,

kurdew xellkî kurdistane.

# -30-

# Namekant

Nazanm bo?
deyan name, dexwênmewe,
çendîn ktêb,
sedan peyam,
tenha yekcar,
qed têr nabm le nameyi to,
deyxwênmewe, katêk degat,
be bê hejmar.

# -31-

# Çawekant

Çawekant behêztirîn,
cûte klîlî dunyaye,
qflî dllî daxirawum,
kê deytwanî bîkatewe,
ew çawaney,
to nebwaye.

# -32-

# Perîyekî Kurdistanî

Nemdenasî û neydenasîm,

katê prsîm,

drûstkrdeyi kam wullate,

naskolleke, ew çawane,

gûtî beheşit,

sersam nebûm katê zanîm,

ke mebestî kurdistane,

çunike perî lew şêweye,

tenha lewê,

destdekewê.

# -33-

# Şayi Şagullan

Take gullêk,
cwanî dedat be baxçeyek,
şagull be baxe gewrekan,
şayi şagullan,
be baxekanî gşit cîhan,
toyi emeyan.

# -34-

# Perîyekî Beheşitî

Ke be dîqet derrwanme
seru sîmat,
le bîr dekem ,
ke zîndûm û lem dunyadam,
wa hest dekem ke rûberuwî,
perîyekm,
le nêw beheşitî xudadam.

# -35-

# Wêne

Wêne niye eweyi kewa ,
bot henardûm,
mirov kuje ,
gurizekeyi destî rosteme,
perçem niye ,
ber le tîşkî çawt grtû,
hîmayî şewî deycure ,
reşe hewre ,
şewe teme.
ewe çawe ,
ya hetawe ,
le bin perçem ,

xoyi mat dawe,
ewe zulfe ,
belayi rûda daçorrawe,
ya ewrêşmî ,
reş û tazew nerm û xawe,
ewe lêwe ,
le dewrî Ḧewzî kewsert,
ya şagullî hellbijardey ,
bêwêneyi baxî îreme,
le ser ruwî to hêşita mawe,
eweyi cwan bêt ,
perwerdgar be toyi dawe,
eyi to bo min, bêbeş dekeyt ,
le geşitêkî nêw ew baxew ,
mjêkîş lew ḧewzu awe .

# -36-

# To

To wek gullî,

bellam gelêk bon xoşitirî,

nerm û niyan her weku çll,

bellam to zor nasktirî,

grr weşênî weku hetaw,

bellam birrêk germtirî,

cwanî weku şayi perîyan,

bellam zor zor to sertirî,

dellên cwanan, dll le sengn,

efsûs ke to dll sengtirî.

# -37-

# Çaw Cwantirîn

Prr frmêskî xwênîn debê,

çawî hemû cwanekanî,

erînî berî ruwî ser zemîn,

katêk çawî to debînin,

taku şew bê le cejnedan,

ke roj helldêt,

çaw helldênî,

perîyekanî asmanîş,

le xemanda,

dekewne griyan û şîn,
a, rûyekîş werbigêrre,
belayi minda,
ya ke grriyan demsûtênî,
ya debme xawen nîgay ,
çaw cwantirîn,
giyan leberî, xwa aferîn.

# -38-

# Awî Lêwt

Ke mest dekat cîhaniyan,

henasekem,

bonî awî lêwî toye,

'aşqanî şeyda nebêt,

xellkanîtir,

wa hest deken,

boyi awengî,

ser perrî,

gullî şew boye.

# -39-

# Telesm

Namo niye belamewe,
eger asman weku çawt,
rengî şîn bê,
toyi le binda rawêstawî.
eger baran ,
berew zemîn,
şêt û şeydayi daçorrîn bê,
to le xakekeyi xollqawî,
berew kenar be bê wuçan,
eger şepoll,

hêrş bênêt,
toyi leserda rakşawî,
le awêneyi ruwî geşitda dabihênêt,
hetaw qjî nerm û xawî,
çunike cwantir le hetawî,
xemîş nêwî xoyi le bîrkat,
be pêkenîn cê nşîn bê,
çun be xende nêwnrawî,
bo min nebêt nazdareke,
ktêbêkî hezar salle daxirawî,
gencîneyek,
le bextî min,
be telesmî efsûnawî,
cadukaran,
be sed qfll bestirawî.

# -40-

# Tirpeyi Dll

Tirpeyi dllm zor le xware,
çareyi naken ,
neşitergerî û dewaw derman,
bellam ke tom le gelldabî,
le lêdanî dête lerize,
taku sema'eyi pzşkan.
16.12.2013

# -41-

# Salb û Mucb

Rastiyan fermû ,

endaziyaranî kareba,

eger muceb le salb ba,

grr le daru berd berdeda,

her ke nîgam kewte nîgat,

le naxmda,

bu be ziryan,

bo be tufan,

be reşe ba.

# -42-

# Dllbere Bêwênekem

ḧezim dekrd,

şêweyi cwanî dllberekem,

be yekêktir bşûbihênm,

eger nebê ,

lêm bibûrin,

hawrrêyanm,

billêm niye, lem cîhane,

lewî dîkeşiyan ,

nazanm.

# -43-

# Min û To

Ke lêm dûrî,

çawî cwanî ,

gşit kîjanî,

em cîhane ,

kall bin ya geş,

pêkrra debin be çawî to,

qjekaniyan, qaweyî bin,

zerd bin ya reş,

debin be qjî xawî to,

şneyi nermî bayi êwaran,

boyi henaseyi fênikî to dewzênê,

sozî dengt dêt be gwêmda,
ke bulbulêk, le ser çllêk,
awazêkî 'aşqane,
be gwêyi gullêkda dexwênê,
nerme semayi gullallekan,
lencewlarî to denwênê,
to debînm hemû katêk,
şew bêt ya roj,
le gşit cêgaw le gşit şwênê,
bellam katêk le gellmday,
gşit ewaneyi ke baskran
wun debin û
werdeçerxî, çerxî zeman,
cîhan debêt be beheşit w
min adem û to ḧewa xan.

# -44-

# Şeydayi dîdar

Şew, bo 'aşq,
pêşkeşîyekî xudaye,
eger ke wext her roj bwaye,
şew nebwaye,
xew nebwaye,
le xewîşda, xewn nebwaye,
toş ke lêm buwî,
be hetawî pşit pelle hewr,
îtir, key, çon, nazdarekem,
minî şeydayi dîdarî to,
tom dîbaye?
le baweşî agrînt,
oqreyekm bigirtaye.

# -45-

# Çawe Nêrgziyekant

Derrwanme gullî nêrgz,
çawanî tom dête ber çaw,
le katêkda pêdekenît,
çawekant,
be xûrr hengwîn debarênin,
le şwênî aw,
be şewanîş birrwanme,
tarî qjî nerm û xawut,
wa hest dekem niywerroyew
derrwanme tîşkî hetaw,

qedu ballat, le xemanda,
pşitî çnar deçewtênê,
gullî lêwt,
perrî gullan let let dekaw
dewerênê,
bellam tîşkî geşî nîgat,
be şewu roj,
mujdeyi şadî deweşênê,
be bêwêneyi le cwanîda,
le nêw cwananî zemîn w
cwanekanî asmanîda,
eger bêt û rojêk xuda,
toyi nazenîn be min bida,
to dekeme şa gullêk w

xom be baran,

şadî cîhan ,

debarênm be serîda,

lew kateda to debîte,

peykerêkî be bêwêney

şadî û evîn,

evîndaran dekewne,

le şadî to, şadî dzîn,

ta dllixoş û sermest bibin,

le bonîşit, bon hellmjîn,

çak dezanît, nazdareke,

xoşewîstît waylêkrdûm,

gullekanî hemû cîhan,

bibin be kîj, perî wêne,

xo bixene jêr dest û pêm
le hemûyan çaw depoşm,
be dllewe berew to dêm.
lêmkerewe dergayi dllt,
we jûr kewm,
zor le mêjda, le nêwîda,
be arezuwî satê xewum.

## -46-

# Xinikawî Deryayi Evîn

To dezanî, ke weku şem,

bot desûtêm,

buwî be gûllî jiyanm w

wek pepûle,

mest û ḧeyran,

be dewrî serta degerrêm,

wek şepollî şêtî derya,

to kenarmî w

min berew to,

derrom û dêm,

çak dezanm toş weku min,

xinikawî deryayi evînî,

eyi diywarî bêdengî xot,

bu naşkênî,

bo çend rojêk,

ber le ewey,

frîşiteyi merg,

dawwî bixate dest û pêm.

# -47-

# Grrî Çawekant

Ke be dîqet derrwanme çawekant ,
naçar helldêm le nîgayan,
ger wa nekem be çirkeyek desûtîm û
debme xelluzî agrdan,
xo to be xot pêyi nazanît,
çî grrêkiyan le nêwdaye,
hezar reḧmet ,
le bûrkanî ser çiyakan,
le katêkda ew debijê,
yek nawçeyek wêran deka,
grr bijênî çawekant,
hemû cîhan.

## -48-

## Pêkenînt

Katêk ke to pêdekenît,
estêrekan ,
destî şerm,
dexene ser,
çawekaniyan,
hendêkîşiyan le xemanda,
xo dekujn, dadeçorrên,
berew zemîn,
cêdehêlin ,
asmanekan.
gullekanîş,

sîs û jakaw dadewrên,
cwanekanî perî şêweş,
penhan debin le şermanda,
le ber çawan.
boye çawî minî şeyda,
le to ziyatir kes nabînêt,
le gîtîda .

# -49-

# Nîgayekî 'Aşqane

Min 'aşqî ew çirkanem,
be nazewe, ke pêm dellêy ,
tom xoşnawê,
be dziyewe ,
derrwanme çawekant,
ke nîgayan ,
werinaçerxên,
le temaşam ,
demê, tawê.

# -50-

# Baranî Ş'r

Her ke çawum dekewête çawekant,
nîgakanman,
bîrî ş'rêk le mêşkmda dênête bûn,
be her hoyek lêk bikewn ,
pencekanman,
korpe şî'rêk dête cîhan,
bîgumanm, eger rojêk,
lêk ballkên ,
lêwekanman,
asman ş'r debarênêt ,
le cêyi baran.

# -51-

# Bo lêm tênageyt

Mamostayekî zîrekm,

wam nêw deben qutabiyanm,

be asanî gşit têdegen,

xall be xallî rawboçûn û wanekanm,

her to nebî, dllberekem,

taku emirro negeyşituwî,

ne le nîgayi çawanm w

ne le wuşeyi ser zimanm,

çî razêke, bo ?

nazanm.

# -52-

# Bêwefa

Toş be tenha be cêt hêşitm
le nêw deryayi qûlî xemda,
le ser rêyek têdeperrêt,
be ziryan û mju temda,
bitgûtiba, hawrrêyekî niyweyi rêgam,
netdzîba le sînemda ,
dllî şeydam,
taku nejîm bo hemîşe,
le dûrî to,
le şîn û zarî û matemda.

# -53-

# Xeyall

**Le** katêkda ke bîrî to,

ramdekêşî berew deryay

qûlî xeyall,

pênûsekem legell parçe kaẌezêkda,

dekewête şerre nûsîn,

weku mindall,

ew wuşeyeyi le akamî ew şerreda,

ke dête bûn ,

nêwî toye,
daru lq û çll û gellaw perre gullî,
qlîş qlîş,
tabiloyekî lê dête bûn,
drûst dellêyi lêwî toye,
ew dêrraneş daduçorrên,
le serewe rû berew xuwar,
gelêk seyre, dellêyi tarî,
qjî nerm û xawî toye,
ke xeyallîş le xallêkda,
pencekanm dewestênê,
laperrekeş xwênî dllî,
pênûsekem dewşkênê,
deryayekî lêdête bûn,
sewz, sewz, sewz,sewz

kt û mt wek çawî toye.

dêmewe hoş,

prr le frmêsk debin çawan,

zerdexenem dête lêwan,

kaẍezeke helldegrm û wurdî nakem,

wek to dllî minî şeydat,

le bin dû pêyi xot hencnan.

# -54-

# Komarî Piyaw

Bem basaneyi le wullatirra
ke dêne gwê,
zor detirsêm,
carêkîtiru ser le nwê,
yasayi zînwe çallî kîjan,
bibêt be baw,
kurdistanîş ke rizgar bu,
leser nexşe nêwî lênên,
komarî piyaw.

# -55-

# Tîrî rehayî

(çwarîneyek bo to.....)

Memşubihêne, be çawant ,

taku le xom nebm bayî,

çawekant, cwantirînin le ser lîstî ,

hunerî destî xudayî,

çend sallêke, zor be sextî ,

brîndarî grru tîrî ew çawanem,

rêgem berê ke têyanda,

bikewme melewanî,

bweşêne ya be yekcar,

tu xuda, tîrî rehayî.

tîrî rehayî; guleyeyi ke denrê be serî

brîndaran ya gulebaran krawanewe bo

rizgarkrdinyan le azar kêşan.

# -56-

# Nameyek Bo Tatem

Ke pêt gûtm,

ke koç dekey ,

bo ew şare bêganeye,

wuriyayi xot be,

dellên dzî zor têdaye,

her dzêk û be şêweyek,

le dzîda şarezaye,

bawerr bike ,

be zncîru derizî û dugme,

ta gerdinm daxistibû,

katêk hat û

dllî sîney ,

lêdzîm w

brdî û royşit ,

be pelle û zû,

eweyi cêgayi sersurrmane,

dlldzekeş çaw geşêkî,

layi xomane,

xellkî xakî kurdistane.

# -57-

# Le Bîrmday

Le bîrmday,

hemû satêk,

hemû çirkew hemû katêk,

legell şneyi bayi şemallda,

lawaneweyi bulbulekan,

leser çllda,

şekanewew lencew larî gull û gella,

xşeyi gella wuşk buwekan,

xorawakan,

tirîfeyi mang,

çawpurkanî estêrekan,

le tarîkî şewî deycur,
tîşkî germ û tîjî hetaw,
le katî gşit roj hellatêk,
be dîtinî ew renganey
ke çawî tom dênine yad,
zerdexeneyi pepulekan,
le baweşî germî gullda,
legell hemû henaseyek,
legell tak tak tirpeyi dllda,
ke dexewm,
ke bîdarm,
ke aramm,
le katêkda denallênm,
letawî êş û azarm,
le katêkda mestî xemm,

mestî şadî,

ke hoşiyarm,

xall be xallî şitekanm,

nêwî toyan lênrawe,

serînêkm nêwî lêwte,

ewî tiryan nêwî çawte,

bermallekem, nêwî ebrot,

tellî tarî ruboşekem,

prçî xawte,

rastt dewê,

hemûm her toy,

toş pêm dellêy,

lêm naprsî,

bo bêdengî,

kwanêyi le kwêy.

# -58-

# Yasayi 'Şq

Cûleyi hetaw,
kraneweyi gull û çiro
befru baran,
hellkşan û dakşanî
awî deryaw deryaçekan,
hemû şitêk lem jiyane,
be jmarew be pêwane,
tenha 'îşqe ke azadew
beder lem yasaw basane.

boye 'aşq satê şade,
satê xembar,
satî dllî, xoşe be jîn,
satê le jîn, herasane,
bo nmune birrwanine minî şeyda,
tabiloyekm bo ew şadî w
ew xemane.

## -59-

Çîroke ş'rî

# Mêwanî Le Baxêkî Ser Sûrrênerda.

Xu û rewşitî kurdewarî ,

be yekcar,

xiste kenar,

bangî krdm bo baxêkî,

prr le hermê û sêw û henar,

badeyekî prr le şerab,

be cûtê gull, grd dra bûn,

cwantir leweyi werizî behar,
dû kanî aw,
caru barîş ,
dllopeyan dadeçorran,
be ser deşitî baxekeda,
le ziyu cwantir sed hezar car,
tellî lawlaw be seryanda daxiza bûn,
bellam reş reş wek şewî tar,
dane tirê dû denikiyan,
hellhatibûn le hêşwekan,
çunike hêşita negeybûn,
dllopeyi şoriyan debijan,
le bîrm çû pêtan billêm ke badeke,
razabuwewe,

be dû rêzî durru ellmas,

taşra bûn zor nasktir,

leweyi ser tacî paşakan,

baxî îrem her deşitêkî berehûte,

beheşit, padaşî dîndaran,

eşkewtêkî prr le maru le ejdeha,

rût û qûte,

le çawwî ew ,

baxeyi em û

aw û kanî û miywekanî,

bellam efsûs ,

le nêw ew bax û kanîye,

le nêw ew gull û gullzare,

hunerî yezdanîye,

hells wkewtî baxdareke,
gelêk seyr bû
beramber minî mêwanî,
ne fermuyek bo şerabî perdaxekey,
ne le awî kaniyekanda,
melewanî,
ne mjînî awî şorî tirêkanî,
bon hellmjîn, lêw mallînêk,
ne le bon û ne le lêwî gollekanî,
brsî û tînu hatme derê,
gerçî têyda xulamewe,
şewêk taweku beyanî.

# -60-

# Maçî Paş Mirdin

Perwerdgar bîrîkî wayi le mêşkmda,
çeqanduwe,
le katêkda frîşiteyi merg,
giyanm le giyan derdehênê,
mêşk û dllm le kar krdin dewestênê,
lew sateda ger lêwî yar,
bikewête ser lêwanm,
radeçellkêm û dewestêm,
leser herdû pêyekanm,
ger raportî pzîşkanî hemû dunyaş,
billên ke kabra mirduwe,
giyanî be xwa sparduwe.

# -61-

# Maçêkî Remezanî

Arezuwî maçêkî xallî,
sertapêyi dagîr krduwe,
le tawanda reşmeyî dll,
le destanî min derçuwe,
tetelleyî lêwekanî,
mujdeyî fermû deden,
mallt be qurr girin mela,
bang hellbide taku zuwe,
bellku minî derûn sûtaw,
rojuwî emirrom bşkênm,
bew fermuwe.

# -62-

# Peyamêkî Be Pele

Nazdarekem,

ke şewu dadêt dermekewe,

taku mang û estêrekan,

le şermanda,

le pşit hewrî taru reşda,

nebin penhan,

tarîke şew ewca dadêt,

le ruwî şêtanî şew zîndu,

deycûre şew le ber sercemî

'aşqan,

ahu nallew griyaniyan,

îtir nagat,

be gwêyi perî û frîşitekan,
bêgeênin be xwayi asman,
bellam katêk hetaw helldêt,
nekeyt xotî pê binwênî,
kîneyi dllî bibzwênî,
dellên hetaw zor dll reqew erênî ber,
zor detirsêm to bibînê,
le xemî cwanî û şîrînît,
be grrî xoyi bitsûtênê,
eger waye,
eyi le şoxîda bêwêne,
ew karane ta rû neden,
bêgumanm,
dllî sîneyi minî şeydat,
bo toyi şîrîn, tenha şwêne.

# چاپكراوەكانم

1 . چووارینەكانی یوسف سدیق زەنگەنە . بەشی یەكەم . 1970 .

2 . چووارینەكانی یوسف سدیق زەنگەنە . بەشی دووهەم . 1973 .

3 . بازاری شۆڕیجە . چیرۆك و ڕووداوو . 1973 .

4 . دهۆك و سەربەستی ئافرەت لە پەنجەرەی ئوتێڵ كوردستانەوە . 1973 .

5 . پەپوولەی باڵ شكاوو .كۆتایی 1975 .

6 . سكاڵای كوردیكی دڵسۆز . 1976 .

7 . كۆترەكەم و شۆڕشی كوردستان . 1976 .

8 . وازم لێبێنن دڵداری ناكەم . 1976 . چیرۆكێكی كۆمەڵایەتییە .

9 . ڕەشەبای رقی پێشمەرگەیەکی سەرشێت . چاپی یەکەم . 1985 .

10 . هەمان کتێب ، چاپی دووهەم ، 1986 .

11 . ئیملا . وەرگێڕاو لە فارسییەوە . 1987 .

12 . سوتۆ و تەتۆ . وەرگێڕاو . 1988 .

13 . نەسرین . 2000 .

14 . بنچینە سەرەتاییەکانی شەڕی پێشمەرگایەتی: کە لە ساڵی 1974 دا بڵاوکرایەوەو بە شێوەیەکی فراوان بەسەر پێشمەرگە پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەدا دابەشکرا .

15 . دەزگیرانەکەی باوکم: چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە بۆ شانۆ .

16 – کیژە کوردە بەرلینییەکە: هەڵبەستی رۆمانسی. 2011.

17ـ بێچووە چۆلەکەو رابەرانی کورد. هەڵبەستی سیاسی. 2011.

18. نەسرین: تابلۆیەکی خوێناوی لە کوردستانەوە، چاپی دووهەم بە دەستکارییەوە. 2011.

لە گەڵ ئەوانەدا کە نێویان هێنرا بە دەیان کورتە چیرۆك و چیرۆکی شانۆگەری و شیعرو پەخشانی ئەدەبی و نووسینی سیاسی و کۆمەڵایەتیم بە زمانەکانی کوردی، عارەبی، فارسی لە گۆڤارو رۆژنامەو مانگنامە و وەرز نامەی جۆراوجۆردا بڵاوکردووەتەوە، کە ئەگەر تەمەن یارمەتیدەر بێت ئەوا لە چەند بەشێکدا دووبارە بڵاویان دەکەمەوە.

جگە لەوانەی کە باسکران، بە دەیان کۆڕو سمینار و وانەی تەلەفیزیۆنیشم ئەنجامداوەو ئەوانەش بە یاری خودا بەم زووانە دەخرێنە سەر کاغەز.

# چاپنەکراوەکانم

1 . کوردستان سەرزەمینێکی جادوو لێکراوو: هەڵبەستی سیاسی.

2 . ووڵاتی شارە زەردەواڵەکان، کورتە چیرۆک.

3 . مانیفیستۆی بیری کوردایەتی: پەیرەوو برۆگرامی بیری کوردایەتییە.

4 . هیچ: کورتە چیرۆک بۆ شانۆ. چاپی دووهەم بە دەستکارییەوە.

5 . خەلیلە شێت: شێتێک کە ووتەکانی هۆشیارانی سەرسام دەکرد.

6 . هێرشی تەڵە قژە یاخییەکان: هەڵبەستی رۆمانسی.

7 . تەنەکەی زبڵی خودا : چیرۆك و بەسەرهات .

8 . هەزار کیلومەتر خوین: بەسەرهاتی کوردانی ئەنفال کراوە .

9 . لە رووانگەی پێشمەرگەیەکی سەر شێتەوە .
10 . یەکەمین راپەڕینی کورد بەر لە 4000 ساڵ: چۆن فرۆشرا .
11 . مەکری پیپاوانی کورد : چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە .
12 . مامۆستای گوندەکەمان: چیرۆکیکی شانۆگەری درێژەو لە ساڵی 1971 لە چەند دانەیەکدا بڵاوکرایەوەو برێك لە لاوانی هونەرمەندی کوردی دڵسۆزو چاوونەترسی شۆریجەیی لەسەر شانۆدا نوواندیان .
13 . زەردەشت و بنچینە سەرەتاییەکانی ئایینەکەی .
14 . زەردەشت تاوانبارێکی بێتاوان: ئەو لۆمەو تانانەی نایاران بە زەردەشت و ئاینەکەیانەوە چەسپاندووە .
15 . بەڵێ زەردەشت کورد بوو .
16 . کاریگەری ئاینی زەردەشت لە سەر جوولەکەو ئیسلام: هەروەها باسم لە کاریگەرییەکەی کردووە لە سەر و سوقرات و ئەفلاتۆن و برێکی دیکە لە فەیلەسوفە رۆژاواییەکان .
17 . ئابووری سیاسی: سەرەتایەك بۆ لاوان .

18 . پیشەکییەك بۆ سیاسەت .

19 . مام احسان و مەلا موستەفا بارزانی: باس لە یەکەمین چاووپێکەوتنی ژنرال احسان نوری پاشا سەرۆکی شۆڕشی ئاراراتی باکووری کوردستان و مەلا مەستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی ئەیلولی 1961ی باشووری کوردستان دەکات کە لە ساڵی 1973 لە ژوورەکەی مندا روویداو کورتەیەك لە گووتوبێژەکانیان . هەروەها بردنی مام احسان بۆماڵی بارزانی پاش 3 ساڵ و بۆ کاك مسعود بارزانی لە سەر ئەو کارەم چەندین گرفتی بۆ دروست کردم .کورتەیەکی لە رۆژنامەو تەلەفیزیۆندا باسکراوە و بەم زووانە بە شیوەی کتێب بڵاوی دەکەمەوە .

20 . لە رۆژمیری شەیتانی ئەمدیوی ئاوینەکەوە: باس لە ئەرینی نێوان خانەوادە دەکات .

21 . پشکنەر کۆلۆمبۆ لە کوردستان: چیرۆکێکی شانۆگەرییە لە بارەی چۆنیەتی پەیدا کردنی ئەوکەسەی کە پیلانی لە گۆڕ دەرهێنانی تەرمەکەی بارزانی کێشا ، لە

لایەن پشکنەر کۆلۆمبۆوە کە لە ئەمەریکاوە بانگهێشت کراوە بۆ ئەو مەبەستە .

22 . نامیلکەی ماستەرو دکتۆراکانم کە بە زمانی ئینگلیزین و وردەگێردرین بۆ زمانی کوردی و عارەبیش .

23 . بیرەوەریەکانم لە چەند بەشێکدا ، لەوانە :

- بۆنی شیرو سیاسەت: ژیانم بەر لە ساڵی 1968 .
- 1968: دووبەرەکییە پشت شکێنەرەکەی 1964 چی بوو ؟ چۆن بوو ؟ دەستپێك و ئاکام .
- پاراستنەکەی شۆرشی ئەیلولی 1961 یا رووخێنەرەکەی ؟: بەڵێ من پێشمەرگە لاوەکانم فێری یاخی بوون کرد .
- دوای کوشتنم: ژیانم دوای 1968 و تا 1975 .
- هەرەسەکەی 1975: ژیانم لە تاوارگەی ئێران و ئەوروپا . من دامەزرێنەری یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی بووم پاش هەرەسەکە ، بە بەڵگەو دوکومێنتەوە . کەی و چۆن هەرەس هێنەران هەرەسیان بەو کۆمەڵەیەش هێنا . من

یەکەم کەس بووم لە ئەوروپا بیری گۆڕانم هێنایە بوون و شەمی دەست پێکردنیم لە تەلەفزیۆنی میدیاداو لە بەرنامەی (رۆژباش کوردستان) لە بەرواری 10.11.2000 دا هەڵگیرساند.

- شۆڕشێك كە ئاواتەكانی لە بار چوون.

24 . هۆرەکانی شەکسپیر: ئینگلیزی و کوردییە. ئایا شەکسپیر ئەوەیە کە باسی لێدەکەن؟

25 . شارەکەم کەرکووك: لێکۆڵینەوەیەکی رەوانی خەڵکی ئەو شارەیە لە تاراوگەدا. کورتەیەکی لە رۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

26 . لە پێناوی مێردەکەیدا: بەسەرهاتی ژنە کوردێکە لە دوو بەشدا. بەشی یەکەم لە پێناوی مێردەکەیداو بەشی دووهەم، لە پێناوی کۆرپەکەیدا.

27 . تهافت التهافتين: امام محمد کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی احمد ابو حامدی الغزالی، لەساڵی 1059ی زایینی لە توسی خۆرهەڵسانی ئێران، هاتە جیهانەوەو لە ساڵی1114 کۆچی کرد ولە نێوان ساڵانی 1091 تا 1095

کتابی (تهافت الفلاسفە۔ رووخانی بۆچوونی فەیلەسووفەکان) ی نووسی و زۆر لە بیروباوڕی فەیلەسوفەکانی یونان و جیهانی بەر لە خۆی پووچەڵ کردو رامالْکاند .

دوای تێپەڕبوونی67 ساڵ بەسەر لە دایکبوونی الغزالی لە قورتووبەی وڵاتی ئەندەلوس یانی لەساڵی 1126 ی زایینی ابی الولید محمد کوڕی احمد کوڕی محمد ابن رشد القرتبی هاتە جیهانەوەو لە ساڵی 1198 دا لە مراکش کوچی کرد . ئەم فەیلەسووفە کتێبێکی نووسی بە نێوی (تهافت التهافت۔ رۆخانی روخێنەرەکە) کە مەبەستی روخانی کتێبەکەی الغزالیە و ئەویش بۆچوونەکانی الغزالی بووچەل کرد . بە یاری پەروەردگار من لە دوا بەشەکانی تەواو کردنی کتێبێکدام کە 28 ساڵی رەبەقە کاری لەسەر دەکەم بە نێوی (تهافت التهافتین۔ رووخانی هەردوو رووخێنەرەکە) و ئەگەر پەروەردگار یار بێت لە گۆڕەپانی پان و پۆڕی فەلسەفەدا پشتی ئەو دوو کەڵە سوارە دەکوتم بە زەمینداو کراسێکی لە شاڵو بیری پاکی کوردی

دروستکراو بۆ فەلسەفە دەدوورم و لە بەری دەکەم و جلە کۆنەکانیشی دەخەمە گۆڕیکی چەندین گەز قوولەوەو نایەڵم نێویشی لە نێواندا بمێنێت. چاوەڕوانی بن و لە پەروەردگاریش داوای سەرکەوتنم بۆ بخوازن.

28. خودا لە چاوەکانی منەوە دەتانبینێت: بۆچوون و بیروڕاکانمە لە مەر فەلسەفەو گیروگرفتەکانی. ئەم کتێبە دەبوایە لە ساڵی 1992 دا بڵاوببێتەوە، بەڵام وەك لە رۆژنامەکانی بەریتانیادا بە وێنەوە بڵاوکرایەوە تەنیا وێنەی بەرگەکەیم بۆ مایەوەو دزانی سیاسی نێوەڕۆکەکەیی و دەیان نووسراو و سەدان پارچە شیعری بڵاونەکراوەیان لە ماڵەکەمدا لێ دزیم بە کومپیۆتەر و دەست نووسینەکانیشەوەو تا ئێستاش دز هەر نەدۆزرایەوەو سێ وڵاتی زەبەلەحیش یەکتریان تاوانبار کرد بەوکارەو لەو کاتەشەوە بە شەوو بە رۆژ بە کوون و قوژبنەکانی مێشکمدا دەگەڕیم بۆ پەیداکردنی بابەتەکانی و لە خودا بە زیاد ووردە ووردە خەریکم دیوارەکانی بەرز دەکەمەوەو بە کوێری چاووی دوژمنانی زانست و زانیاری راست و پاك و رەسەن

بە ماوەیەکی کەمی دیکە سەربانەکەشی دادەبۆشم. چاوەڕوانی ئەمەشیان بن و بزانن بۆ: لە دایک بووین؟ مەبەست لەم هات و چوونە بە پەلەیە چییە؟ بەهەشت و دۆزەخ لە کوێدان؟ جیهانی مادی و ئەم کەونە چییەو چەندە و بەرەو کوێ دەچێت؟ خودا ئێمەی دروست کردووە یا ئەو دروستکراوەی بیری ئێمەیە؟ ئایینەکان زەمینین یا ئاسمانی و مەبەست لە دروست بوونیان چییە؟ ئایا پیغەمبەرەکان، خودا هەڵیبژاردوون یا ژێری بیری خۆیان هێناوییانیەتە بوون؟ فەیلەسوفەکانی جیهانی رۆژ ئاوا، ئەگەر لە سەر زەمینی پیغەمبەراندا لە رۆژهەڵاتی نێوە راست بهاتابایەنە جیهانەوە هەر پێیان دەگووترا فەیلەسووف یا پیغەمبەر و بە پێچەوانەشەوە؟ ئایا خودا ئادەمیزادی دروستکردووە یا لە تۆزو خۆڵی تەقینەوە گەورەکە هاتووەتە بوون وەك ئاینشتاین و هاوبیرانی بۆی دەچن؟ تیژڕەوی مادە (السرعە)، هێز زۆرتر دەکات یا کێش، وەك ئاینشتاین رای لەسەر دووهەمیانە؟ ئەو کونە رەشانەی کە جارو بار بەر چاووی تەلەسکۆبە زەبەلەحەکان

دەکەون چین ؟ ئایا پاشماوەی ئەستێرە سووتاوەکانن وەك زانایان ! بۆی دەچن یا . . . ؟
خودا یار بێت پێش یا پاش مردنم دەکەوێتە بەر چاووتان و دەگەنە وڵامی زۆر لەو پرسییارانەی کە ماخۆلانی خستووەتە مێشکتانەوە .

# من کێم

ـ لە ژیانمدا ، بە سەرهات ، رووداو ، هەڵویست ، خەم ، ئازار ، بڕوانانە ،گەلێك زۆرن کە شانازییان پێوە بکەم بەڵام ، شانازییەك کە ئەو شانازییانە شانازی پێوە دەکەن ئەوەیە کە ، لە داییك بووی گەڕەکی شۆریجەی کەرکووکی باشووری کوردستانم .

قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری کەرکووك تێپەڕاند . بکالۆریوس و چەندین ماستەرو دکتۆرام لە زانکۆی تاران و زانکۆی لەندەنی بەریتانیا بە دەست هێناوە .

خوێندنەوە و نووسین لە سەرەتای ژیانمەوە ویست و ئارەزووی سەرەکیم بووە ، هەروەها هەوڵدان و خوێندن لە پێناوی بە دەست هێنانی بڕوا نامەی بەرزداو لەو بابەتانەدا کە لە منداڵییەوە نەخشەم بۆ دانابوون و سوپاس بۆ خودا

ئەوپەری سەرکەوتنم بە دەست هێناوەو لەو بووارەدا ئارەزووەکانم هاتوونەتە دی.

شایانە بڵێم کەهەمیشە ئامۆژگاری سەرەکیم بۆ ئەندامانی نەتەوەکەم بە تایبەتی لاوان ئەوە بووە کە بە پێی توانی هەوڵی ئەوە بدەن ریگای خوێندن بگرنە بەر چونکە ئاکامەکەی بە بەرژەوەندی خۆیان و نەتەوەکەیان کۆتایی دیت و بە کەڵکترین دەرمانیشە بۆ چارەسەر کردنی ئێش و ئازاری نەتەوەکەمان.

- وەك لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیدا ،کەوتمە مەلەوانی لە دەریای سیاسەتدا ، هەر بەو شێوەیەش هاورێتیم لە گەڵ نووسیندا پەیدا کرد. بێگومان بارو دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو سەردەمە هاندەری سەرەکی بوون. بۆ تێکەڵ بوونم لە گەڵ سیاسەتدا کەم بوونی خوێندەواران بوو لە نێو گەورەکانی گەرەکەکەماندا بۆ خوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە دەنووسران و لە دووایشدا ئەوانەی کە لە لایەن شۆرشەوە دەردەچوون کە تا بڵێی کەم و کوورت و ناوەرۆك لاوازیش بوون.

چی سیاسەت سوودی پێگەیاندبێتم (کە هەرگیز) و چی زیان (هەمیشە)، تاکو ماوم سوپاسمەندی دوو مامۆستای تێکۆشەرو شەهید، مامۆستا حسیب و مامۆستا عمر شریفم، کە ئەو دوو کورد پەروەرەوە بوون ریگای پاکی کوردایەتیان پیشاندام و تاوەکو ئەمرۆ لە سەری ماووم تا مردنیش هەر دەمێنم.

لەبارەی نووسینەوە، وەك ئاماژەم بۆ کرد، کەم بوونی بڵاوکراوەی حزبی و تینوو بوونی خەڵك بۆ زانینی هەواڵ بوو کە هانیاندام بۆ ئەوەی بە نێوی شۆرشەوە بنووسم و بخوێنمەوەو سوپاس و دوعاش بۆ شۆڕش و لێپرسراوە لە چاڵی دوواکەوتندا چەقیوەکانی بێت.

کتێبی پەنجا لاپەڕەیی ـ *گەشت بۆ نومرە هەشت* ـ کە بەسەرهاتێکی زۆر سەیرو سەمەرو دڵسووتێنەری هەیە و دەبێت لە پێشەکی چاپە نوێیەکدا بخوێنرێتەوە ـ یەکەمین نووسراوومە کە بە شێوەی کتێب بڵاوکرایەوە لە سەردەمێکدا کە قوتابی ساڵی یەکەمی ئامادەیی بووم.

لەگەڵ ئەوەدا کە هەرگیز نە سوسیالیست بووم بە مانای (چەپی) و نە هەرگیز کۆمۆنیست و نە ئایدیۆلۆژییەکەییم بە گونجاو رەچاو دەکرد بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی کورد ، بەڵام، ئەوەی منی نەدەناسی ونەیدەزانی نووسەرەکەی لاویکی دوازدە سیازدە ساڵەیە و کتێبەکەی دەخوێندەوە ،کتووپڕ دەگەیشتە ئەو بۆچوونەی کە نووسەرەکەی مرۆڤێکی بە تەمەنی نووقم بوو و کووڵاوی نێو مەنجەڵی بیروباوەڕی کۆمونیستییەو زۆریش لە نزیکانی خۆم ئەو تاوانەیان پێوە نووساندم و لەوانە باوکی خۆم. لە کاتێکدا چیرۆکەکە باس لە گەشتێك دەکات کە قوتابخانەی شۆریجەی کچان بۆیان رەخساندین بۆ ناوچەی نومرە 8ی نزیك بە دوبزی شاری کەرکووك بۆ سەیران و دووانە لەسەر ئەو دیمەنانەی کە بینیم و تێبینیم کردو ئەو جییاوازییە لە شێوەی ژیانی دانیشتوانی ئەوێدا کە زۆربەی هەرە زۆریان بێگانە بوون بە تایبەت ئینگلیز، لەگەڵ شێوەی ژیانی ئێمەدا کە لە گەڕەکی شۆریجەی هەمان

شاردا دادەنیشتین . هەروەها لە کتێبەکەدا باسم لە چەند ڕووداوی خۆشەویستی و بەسەرهاتی خۆشی منداڵانە کردووە .

چ بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەو چ لە پاش ئەوە ، خەمی نەتەوەکەم و خۆمم وورده وورده بە عارەبی و کوردیش دەڕژاندە سەر لاپەڕەی هەندێك لە گۆڤارو ڕوژنامەکانی ئەو سەردەمەدا کە زۆربەشیان لە بغدادی پایتەختی عراق دەردەچوون .

# ناوەڕۆک

پێشکەش.........................................٣و106

دڵۆپێک فرمێسک.............................٤و107

هەتاوی من.......................................٥و108

خۆشترین درۆ...................................٦و109

ئەگەر.............................................٧و110

هەناسەکەم......................................٩و112

نزاکانمان.........................................١١و114

برینی عشق......................................١٣و116

کاتێک کە خۆت دەنوێنی...................١٤و117

داوی جوانیت.....................................١٦و119

بوونی تۆ...........................................١٧و120

پێکەنینێکی ژیانبەخش......................١٨و121

تۆ خۆت گوڵی.....................................١٩و122
ژن سەرچاوەی شعرە.........................٢١و124
شێتی شێتان.......................................٢٣و126
کەرکووک، یا، تۆ..............................٢٥و128
ئیلهام بەخشم....................................٢٧و130
دەست لە ئەژنۆ دامەنیشە................٣٠و133
تابلۆیەک بە نێوی تۆ.........................٣٢و135
دوو گڕ ............................................٣٤و137
ئامۆژگارییەکەی بابم.........................٣٥و138
تۆ و مانگ و دەریا.............................٣٧و140
تۆ خۆت شعری...................................٣٨و141
من و باران.........................................٣٩و142
بڕیار....................................................٤٠و143
گڕ.......................................................٤١و144
من و بولبول.......................................٤٢و145

پێم نەووتی کە تۆ پەریت..................٤٣و146
بۆ شۆخێکی کوردستانی....................٤٩و152
ترپەی دڵ..........................................٥١و154
نامەکانت.........................................٥٢و155
چاوەکانت........................................٥٣و156
پەرییەکی کوردستانی......................٥٤و157
شای شاگوڵان...................................٥٥و158
پەرییەکی بەهەشتی.........................٥٦و159
وێنە.................................................٥٧و160
تۆ.....................................................٥٩و162
چاو جوانترین...................................٦٠و163
ئاوی لێوت........................................٦٢و165
تەلەسم...........................................٦٣و166
ترپەی دڵ.........................................٦٥و168
سالب و موجب.................................٦٦و169

دڵبەرە بێوێنەکەم..............................٦٧و170

من و تۆ..............................................٦٨و171

شەیدای دیدار..................................٧٠و173

چاوە نێرگزیەکانت..............................٧١و174

خنکاوی دەریای ئەڤین.......................٧٥و178

گڕی چاوەکانت...................................٧٧و180

پێکەنینت.............................................٧٨و181

نیگایەکی عاشقانە...............................٨٠و183

بارانی شعر............................................٨١و184

بۆ لێم تێناگەیت.................................٨٢و185

بێوەفا...................................................٨٣و186

خەیاڵ...................................................٨٤و187

کۆماری پیاو.........................................٨٧و190

تیری رەهایی........................................٨٨و191

نامەیەک بۆ تاتەم................................٨٩و193

لە بیرمدای.........................................١٩١و195

یاسای عشق.........................................١٩٤و198

مێوانی لە باخێکی سەر سوورێنەردا..١٩٦و200

ماچی پاش مردن..............................١٠٠و204

ماچێکی رەمەزانی.............................١٠١و205

پەیامێکی بە پەلە.............................١٠٢و206

چاپکراوەکانم...................................٢٠٨

چاپنەکراوەکانم.................................٢١١

من کێم...........................................٢٢٠

ناوەڕۆک.........................................٢٢٥